# کورد لەسەردەمە ئیسلامییەکاندا

هەرچەندە باسی سەردەمە ئیسلامییەکان لە دەرەوەی بواری مێژووی کۆنە بەڵام وەکو نموونە ئەو شتە کەمانەی خوارەوە دەخەمە ڕوو تا خوێنەر بزانێت کە دوکتۆر جەمال تەنانەت کێشەی لەگەڵ سەرچاوە عەرەبییەکانیشدا هەیە. لە بەشەکانی پێشووشدا نموونەمان لەم جۆرە بینیو ئەوەی ئێستا پەیوەندیی بە سەرچاوە عەرەبییە کۆنەکانی مێژووی سەردەمە ئیسلامییەکانە.[1]

نووسەر هەر لە سەرەتاوە (١/ل٦) دەڵێت کە بەپێی توانا دوورکەوتۆتەوە لە سۆزو هەستەی نەتەوەییو ئاینی کەلەناو کورددا زاڵن، بەڵام دەبینین کتێبەکە لەسەر ئاوازی (ئەی رەقیب) وشەکانی خۆی ریزکردووە ، کاتێکیش دێینە سەر کوردو بەسەرهاتەکانی لەسەردەمە ئیسلامییەکاندا ئەو ئاوازە بە ئاشکرایی دەبیستینو هەست دەکەین هەرچی لەسەر خاکی کوردستان کراوە لە پێناوی گەلو وڵات بووەو هەر وەکو کەسانی تر کە نووسینەکانیان نرخێکی زانستییان لای دوکتۆر جەمال نییە دەبینین کوردی ئەو سەردەمانە ناسیۆنالیست بوونو لەوانەی ئەمڕۆمان دڵگەرمتر بوون بۆ کوردو کوردستان.

دیارە ئەمە وێنەیەکی شێوێنراوی مێژووەو بینینی مێژووە بە چاوی ئەمڕۆوە ، بێگومان ئەو راستییەش فەرامۆش کراوە کە ئەو کوردانەی شەڕیان دەکرد لە کاتی فتوحاتی ئیسلامییدا بەرگرییان لە دەوڵەتی ساسانی دەکرد، پاش فتووحاتیش بەشێکی ئەو شەڕانە چەند سەرکردەیەك دەیانکرد کە رەنگە مەبەستیان تەنها ئەوە بووبێت فەرمانڕەوایی بکەن، دەمێنێتەوە ئەو شۆڕشانەی کرابوونو بەکاردانەوەی ستەمی کۆمەڵایەتیی دەسەڵاتی عەرەبی ئیسلامی زانراوانو کە ئەم تەرحە کەسانێك دەیکەن خۆیان بە میانڕەوتر دەزانن لەو کەسانەی ئەو شۆڕشانە بە شۆڕشی قەومیی پوخت دەزانن.

فەرمانڕەوایانی دەوڵەتی خیلافەتی ئەمەویو عەبباسی بەشی خۆیان ستەمیان کردبوو بەڵام هەڵەیەکی گەورەیە مرۆڤ لە چەند رووداوێکەوە بگاتە حوکمی گشتگیر. مەبەستی ئێمەش لەم نووسینە ووردبوونەوە نییە لەم مەسەلانە بۆیە زیاتر لەسەری ناڕۆین[2].

بابزانین نووسەر چۆن مامەڵەی لەگەڵ سەرچاوەکانو زانیارییەکاندا کردووە:

---

[1] ئەم بەشە لەبابەتەکەی هەزارمێردا هەبووەو ژمارەیەك هەڵەی چاپی تێدا بوو.

[2] لە گۆڤاری JNES دا کتێبێك لەنووسینی(دانیال دێنێت)خراوەتەڕوو بەناوی:

**Conversion and the Poll Tax in Early Islam (Daniel C. Dennett, Jr.), 1950**

(فۆن گرونەباوم)یش کە ئەم کتێبەی خستۆتە روو دەڵێت : ئەم کتێبە وەك رەخنەیەکی مەنهەجی لە تیۆرەکانی (ڤیلهاوزن) و(کایتانی)و(بێکەر) سەبارەت بە سیاسەتی باج و ئیدارەی دارایی ئەمەوی وەسفکراوە ، هەروەها باس دەکات کە (دێنێت)، نووسەری ئەو کتێبە، ئەو هەڵانەی دەرخستووە کە بە هۆی ژمارەیەك گشتکردنی بێپاساوی وەزع لەخوراساندا بوون کە زۆربەی دەرەنجامەکەی ڤیلهاوزن لەسەریان بنیاتنرابوون .. گرونەباوم یەك نموونە دەهێنێتەوە لەسەر ئەوەی کارەکەی (دێنێت) چەند کاریگەر دەبێت لەسەر لێکۆڵینەوەی دوارۆژ سەبارەت بە وەزعی ناوخۆی سەردەمی ئەمەوی ئەویش بۆچوونەکانی ئێستا لەبارەی شۆڕشی عەبباسییەکان کە ئەوە وێنەیەی فان فلۆتن **Van Vloten** کێشابووی ئەوە بوو کە جووتیاری خوراسانی بەهۆی سیاسەتی ستەمکارانەی باج بێئومێدکرابوو و ئامادەبوو بۆ چوونە پاڵ هەر رزگارکەرەوەیەکی موحتەمەل. (دێنێت) دەریخستووە کە ئەم بۆچوونە تا رادەیەکی گەورە بەرهەمی خەیاڵێکە کە زانیارییەکانی ناتەواون.

**JNES,11, 1952, p.87.**

١-نووسەر (٢٧٢/١) دەڵێت : لەرێگەی ئاماژەکانی ئەلمەسعوودی بۆ دوژمنایەتیو ناکۆکییە تەقلیدییەکان کە لە نێوان میرە عەرەبەکانی غەسسانو کورد پێش دەرکەوتنی ئیسلام ناوبراو لە بەشی سێیەمی (باب)ی[٣] چلو شەشی کتێبەکەی (مروج الذهب و معادن الجوهر) (..) ریوایەتە هەڵەکانی سەبارەت بە رەچەڵەکە عەرەبەکەی هۆزە کوردەکان دووبارەکردۆتەوە.

نووسەری خۆمان یەکسەر دوای ئەوە دەقی ئەلمەسعوودی دەهێنێتەوە کە بۆچوونێك هەیە ئەمانە وەچەی (کرد بن مرد بن صعصعة بن هوازن)[٤]ن و لەکۆنەوە بەهۆی چەند شەڕوشۆرێك لەگەڵ غەسساندا جیابوونەوە. واتە بەپێی ئەم بۆچوونە ئەوانە کاتی شەڕەکەیان لەگەڵ غەسساندا هەر عەرەب بوونو پاشان بوونە میللەتێك بەناوی کورد کەچی بینیمان نووسەری خۆمان پێش ئەوە باسی ئاماژەکانی ئەلمەسعوودی بۆ دوژمنایەتیو ناکۆکیی تەقلیدی لەنێوان میرە عەرەبەکانی غەسسان و کورد بەردەوام بوون دەکات واتە کورد ئەو کاتە هەبووە!

سەبارەت بە کتێبەکەی ئەلمەسعوودی (مروج الذهب) دوکتۆر دەڵێت (چاپی پاریس).. هێندەش دەزانم ساڵی ١٧٨٢ لە پاریسدا بە فەرەنسی لەچاپدرا[٥]، خۆ ئەگەر نووسەری خۆمان مەبەستی لەم چاپە بێت ئەوا بێ سێودوو دەڵێین وا نییە چونکە نووسەر هەمان دەقی ئەسڵی عەرەبی هێناوەتەوە چەند وشەیەك نەبێت.

٢-نووسەر رووداوەکان تێکەڵ بەیەك دەکات (١/ل٢٧٥):

قسەی ئیبنولئەثیر (لە کتێبی الکامل في التایخ) دەهێنێتەوە کە حەبیب کوڕی مەسلەمە (قالیقلا)ی گرتو دوایی کەوتە رێو چووە (مربالا)و بەتریقی (خەلاط) هاتو.. تاد ئینجا دەڵێت : بەم جۆرە و وەك (البلاذری) دەڵێت بەتەریقی (الزوزان) ئیقرارێکی لە داگیرکەرە عەرەبەکان دەستکەوت کە خەراج بۆ رەعیەتی کوردەکان بدات..

ئەمە لەکاتێکدا ئەم دوو بەتریقە دوو کەسی جیان و ئەلبەلاذوری هیچ لەو شتانە ناڵێت کە دوکتۆر نووسیونی ، باسی بەتریقی زوزانیش (زەوەزان) دوای گرتنی (قەردی) و (بازبەدی) کراوەو ئەو قسەیەی دوکتۆر نەنووسراوە .

دوکتۆر رووداوی تری پەڕاندووە ، ئەو باسی گرتنی قالیقلا دەکاتو یەکسەر دوای ئەوە دەڵێت چووە مربالا کەچی نێوان ئەو دوو ئیشە لای ئیبنولئەثیر نۆ دێر هەیەو باسی شەڕ دژی رۆمەکان هاتووە بەڵام دیارە مەبەستی نووسەر دوورخستنی رۆمەکانە لە رووداوەکان.. ئەمەش ئەگەر بەراستی کتێبەکەی بینیوە، کە بڕوا ناکەم بینیبێتی چونکە لەلایەك ئەم هەڵانە دەکاتو لەلایەکی تر وشەی وا بەکادەهێنێت کە ئیبنولئەثیرو ئەلبەلاذوری بەکاریان نەهێناوە وەك (احتل) و (اقرارا من المحتلین العرب). با ئەوەش بزانین کە دکتور قسەکان دەخاتە ناو جووتە کەوانە کە نیشانەی وەرگرتنی دەقاودەقەو دەنووسێت: ئیبنولئەثیر دەڵێت و ئەلبەلاذوری دەڵێت.

دوورخستنی رەگەزی غەیری کورد لە قسەیەکی پێشووی ئیبنولئەثیردا هەیە کە لەبارەی شەڕی (بەیرووذ)ەو کە لەکۆتایی ئەو قسانەی وەرگێران ئیبنولئەثیر باسی هاتنی کۆمەك لە خەڵکی فارس و کوردەکان دەکات.

---

[٣] في الجزء الثالث من الباب السادس و الاربعین.. ئەمە هەڵەیەو دەبێت بوترێت:في الباب السادس و الاربعین من الجزء الثالث.

[٤] پێویستە گلەیی لە ئەلمەسعودی نەکەین چونکە هەر خۆی لە کتێبی(التنبیه و الاشراف)(ل٧٨) قسەی کەسانێکی کوردی شارەزا دەهێنێتەوە -کە دەڵێت هەندێکیانم دیوە- کەوا کورد بە وەچەی کورد کوڕی مەرد کوری صەعصەعەکوڕی حەرب کوڕی هەوازن دەزانن.. دیسانیش ناتوانین گلەیی لەو ((کوردە شارەزایانە)) بکەین چونکە زانیاریی لەبارەی سەردەمە کۆنەکان لە سەردەمی ئەواندا سنووردار بوو بەڵام لەم رۆژگارەی ئێستاماندا کە زانستی نوێ لەبەردەمی هەمواندا هەیە هێشتا شارەزاکانمان هێندە کەمن لەجێی نەبووانن. رادەی شارەزایی دوکتۆرەکەی خۆشمان وا لەبەر چاوماندایە.

[٥] لەپێشەکیی موحەققیقی کتێبەکە (چاپی ١٩٥٨) محمد محیی الدین عبدالحمید،ل٨ هاتووەو قسەی جورجی زەیدانە.

شتی تر لەم لاپەڕەی کتێبی دوکتۆردا هەیە بەڵام ئەوەندە بەسە بڵێین کە دوکتۆر بۆ قسەکەی ئەلبەلاذوری ناوی کتێبی (فتوح البلدان) لاپەڕە (١٧٦) دەنووسێت کەچی باسەکان لە لاپەڕە (٢٠٥-٢٠٦)ی هەمان چاپن(چاپی ١٩٥٩). دوکتۆر (٢٧٣/١) لاپەڕە (٣٣١)ی کتێبەکەی (فتوح البلدان) دەنووسێت لەبارەی لەشکرکێشی بۆ سەر جزیرە کاتی عومەر کوڕی خەتتاب کەچی ئەو لاپەڕەیە باس لە سەردەمی ئەمەوی‌و لە ناوچەی خوراسان‌و جورجان.. دەکات‌و باسی (عیاض)و جزیرە (لاپەڕە ١٧٦) بەدواوەیە. بەهۆی ئەمەشەوە دەزانین کە دوکتۆر ئەم کتێبەی نەدیوە.

٣- بەڵگەیەکی تر کە نووسەر کتێبەکەی (فتوح البلدان)ی نەدیوە ئەوەیە دێڕێك لەبارەی گرتنی شاری شمکور (شەمکور) دەهێنێتەوەو قسەکە دەگێڕێتەوە بۆ (فتوح) بەڵام ژمارەی لاپەڕە نانووسێت، کەچی قسەکە هی دەقاودەقی ئیبنولئەثیرە جگە لەچەند هەڵەیەکی تر وەکو: هەردوو ئیبنولئەثیر (٤٤/٣)و ئەلبەلاذوری (٢٠٦) دەڵێن سەلمان کوری رەبیعە ئەلباهلی خەڵکی نارد بۆ گرتنی شەمکور ، کەچی نووسەر دەڵێت (حەبیب) ئەمەی کرد.. ئەلبەلاذوری و ئیبنولئەثیر دەڵێن شەمکور شارێکی کۆن بوو و دوای گرتنی هەر ئاوەدان بوون تا (السناوردية)[6] وێرانیان کرد کەچی دوکتۆر لەسەر زمانی یەکەمیان دەنووسێت (السناوردية الكورد)..(٢٧٦/١).

٤- یەکسەر دوای ئەوەش نووسەر (١/ل٢٧٦) دەڵێت: لەم ماوەیەدا عوسمان ئەبوومووسای ئەشعەری لە (فەرمانڕەوایی) بەصرە لابرد ئەویش چونکە خەڵکی (ئیذەج)و کوردەکان لەساڵی سێیەمی خیلافەتی عوسمان ((کوفریان کرد))[7].

ڕووداوەکەی پێشوو ساڵی ٢٥ کۆچی بوو (ساڵی دووەمی عوسمان کوڕی عەففان)[8] لابردنی ئەبوومووساش لەبەر هەڵگەڕانەوەی ئەو خەڵکە نەبوو بەڵکو لەبەر کێشەیەك نێوان هەندێك لە موسڵمانان و ئەبوومووسا[9].

٥- نووسەر (٢٧٦/١-٢٧٧) دەڵێت (الاصطخري) لە کتێبی (المسالك و الممالك) ئاماژەی بۆ (زەم)ەکانی کورد واتە تیرەکانی کورد لە (کوورە)ی سابور لە وڵاتی فارسدا کردووەو پاشان زەمەکان دەژمێرێت‌و لە کۆتایی زەمەکان ((زم الكاريان و هو زم اردشير بن بابكان)).

سەرەتاش لە دوایین هەڵەوە دەست پێ دەکەم. نووسەر ئەوەی سەرەوەی خستۆتە ناو جووتە کەوانە بەنیشانەی وەرگرتنی دەقاودەق بەڵام (الاصطخري) بەهیچ شێوەیەك ناڵێت ((وهو زم اردشير بن بابكان)) بەڵکو دەڵێت ((وهو زم اردشير)) واتە (بن بابكان) زیادکردنی دوکتۆر خۆیەتی یان ئەو کەسەی دوکتۆر ئەم قسانەی لێ وەرگرتووەو ناوی نەهێناوە. بۆ دڵنیا بوونیش ئەوەی سەرەوە لە لاپەڕە (٦٨)ی ئەو چاپەی دوکتۆر ناوی نووسیوە لەلاپەرە (٧٢)ی هەمان چاپیشدا زیادە زانیاری دراوەو تێیدا ئاشکرا دیارە کە ئەو (ئەردەشیر)ـەی پێشتر ناوی هاتووە بریتییە لە (کوورە)ی (ئەردەشیر خوررە)!! هەڵبەت دوکتۆر ئەگەر شارەزا بوایە لەو سەرچاوانە دەیزانی ئەم (ئەردشیر)ـە بریتییە لە ناوچەی ئەردەشیر خوررە (اردشير خره) نەك (ئەردەشیر کوڕی بابەکان)!!

دکتور بۆ وشەی (زم) واتای (بطون) دەدات کە بەشێکە لە هۆز بەڵام جگە لەوەی لە سەرچاوەی تر بەواتای ناوچەی گوزەران (محلة) هاتووە (الاصطخري) دەڵێت هەر زەمێك شارو گوندی پێکەوە هەیە (ل٧١) پاشان بۆ تیرەکان

---

[6] لای یەکەمیان: (الساوردية).

[7] لەو سەرچاوانەدا مەبەست لە زاراوەی ((کوفرکردن)) شکاندنی پەیمانە.

[8] لابردنی ئەبو مووسا دوو رای لەسەرە: ساڵی سێیەمی عوسمان لەگەڵ ساڵی شەشەم، واتە ٢٩ ی کۆچی.

[9] بروانە بۆ ئەمە لاپەرە ( ٧٧)ی رەخنەکەمان لە ماستەرنامەی شوان مستەفا (بەئیسلامکردنی کورد..ماستەرنامە یان هەڵەنامە-٢٠٠٣)و تێیدا شتێکی خۆش لەبارەی نەقڵکردنی سەقەتی زانیارییەکان دەخوێنیتەوە.

وشەی (احیاء) بەکاردەهێنێت (ل٧٢).. بەهەر حاڵ ئەمە زۆر گرنگ نییە، دوکتۆر هەڵەیەکی گەورەتر دەکات کاتێك ئەو (زەم)انەی کوردەکان بەهی کورەی سابووری وڵاتی فارس دەزانێت، جوان وردبەرەوە لە قسەکانی (الاصطخري) دەبینی سەرەتا ناوی کورەکان دەبات و پاشان ناوی زەمەکان (ل٦٧-٦٨) بەڵام لەبەرئەوەی باسی زەمەکانی کورد یەکسەر دوای باسی کورەی سابوور هاتووە ئەو کەسەی دوکتۆر ئەم قسانەی لێ وەرگرتووەو ناوی نەهێناوە وایزانیوە ئەو زەمانە سەر بە کوورەی سابوورن، پاشان بڕوانە لاپەرە ٧١ دەبینی کاتێك وردتر باسی کورەو زەمەکان کراوە ئەمجارە باسی زەمەکان کەوتۆتە پاش کورەی ئەڕڕەجان[١٠].

٦-نووسەر باسی شاری مووسڵ کاتی فتوحات دەکات کە بە وتەی یاقووتی حەمەوی ئەوکاتە زۆربەی دانیشتوانی کوردبوون(١/ل٢٧٣).

سەرەڕای ئەوەی دوکتۆر ژمارەی لاپەرە نانووسێت زانیارییەکەش هەڵەیە چونکە لەباسی مووسڵدا (معجم البلدان-بەرگی پێنجەم/ل٢٢٣-٢٢٥) یاقووت بەهیچ شێوەیەك باسی دانیشتوانی شارەکەی نەکردووە کەسەر بە چ گەلێکن.

٧-نووسەر (١/٢٨٠) باسی ئەبوجەعفەری مەنصووری عەبباسی دەکات، کە دایکی کەنیزەکێکی کورد بوو و ئاماژە بۆ کتێبەکەی تەبەری (بەرگی٣/ل٤٤٢) دەکات ، کەچی تەبەری[١١] باسی کوڕەکانی مەنصور دەکات و یەکێکیان (جەعفەری بچووك)ە کە دایکی کەنیزەکێکی کوردە.

* * * *

وەکو وتم ئەمانە نموونەیەکی کەمن و لەبەر ئەوەی ئەم باسانە لە دەرەوەی بواری مێژووی کۆنن لەوە زیاتر لەسەریان ناڕۆم.

[١٠] شوان مستەفا لە ماستەرنامەکەیدا (بەئیسلامکردنی کورد ) هەمان هەڵەی کردووە .. هەموویان شت لە خەڵکی ترەوە وەردەگرن (بێگومان بەهەڵەوە) و پاشان ناوی ئەو کەسانە ناونابەن و راستەوخۆ ناوی سەرچاوە ئەسڵییەکە دەنووسن.

[١١] لای خۆم چاپی: مطبعة الاستقامة، القاهرة، ١٣٥٨-١٩٣٩، ٦/٣٤١.

# کۆتـــایـــی

ڕەنگـە ئێسـتا خوێنـەر هەسـتی بـەو کارەسـاتە کردبێـت کـە لەپشـتی ئـەو کتێبـەی دوکتـۆر جەمالەوەیـە، ئـەو کارەساتەی لە ئاستی ئەو کتێبەدا ناوەستێ. ئەو کتێبە نموونەیەکە لەسەر وەزعێکی زانستیو ڕۆشنبیری کە باڵی بەسەر کوردستانی ئەمڕۆماندا کێشاوە: چی دەنووسرێتو چۆن دەنووسرێت گرنگ نییە، گرنگ ئەوەیە بنووسرێت چونکـە کەسـانێك هـەن، ڕەنگـە زۆر بـن، گـوێ بگـرنو ئـەو ((زانیارییانـە)) بەهـەند وەربگـرن، ئەگـەر نووسـەریش بڕوانامەیەکی ((باڵا))ی هەبێت ئەو نووسینە، کە پسپۆڕانی وڵاتانی تر لەیەکەم دێڕەوە دەزانن نرخی چەندە، لێرەدا بەڕێزو حورمەتێکی زۆرەوە بڵاودەکرێتەوە، ڕەنگە خەڵاتیش بکرێت.

وەك لـە پێشەکیشدا وتم ئـەم ڕەخنەیە بەردێکـە لـە بناغـەی پرۆژەیـەکی گـەورە، پرۆژەیـەك ڕێگـە لەبـەردەم ئـەو کەسانەدا بگرێت کە شتی هەڵەو بێ بناغە دەنووسنو مامەڵەی نائەمینانەو نازانستییانە لەگەڵ زانیارییەکانو لەگەڵ سـەرچاوەکاندا دەکـەن. ئەمـە هەوڵێکـە بـۆ وریاکردنـەوەی خوێنـەر بـۆ ئـەو ڕاسـتییەی کـە ئێمـە لەکوردسـتاندا لـە سەردەمێکدا دەژین کە پێشتر لە بەرهەمی تردا ناوم نابوو: چەرخی زێڕینی نەخوێندەواری.